# ئایا تۆ پەناخواز یان پەنابەریت لە وەیڵز؟

خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتمانی (NHS) وەیڵز و خاچی سوری بەریتانی پێکەوە یەکیان گرتووە بۆ یارمەتیدانت سەبارەت زنجیرەیەک ئاستەنگی کە لەوانەیە تۆ ڕووبەڕوویان ببیتەوە لە دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و یارمەتیدانت سەبارەت بە خۆشگوزەرانیت. ئەوەش چۆنیەتی بەدەستهێنانی گرنگیپێدان لەخۆ دەگرێت بۆ کێشە پزیشکییەکانت وەک چۆنێتی دانانی وادەیەک (مەوعید) لەلای دوکتۆر یان پەرستارێک و دۆزینەوەی دەرمانخانەی ناوچەکەت و هەروەها ئاراستەکردنت بۆلای ئەو ڕێکخراوە گونجاوانەی کە دەتوانن یارمەتیت بدەن.

ئەگەر حەز بە یارمەتی خاچی سوری بەریتانی دەکەیت، تکایە ئاگادارمان بکەرەوە و ئێمە ناو، زمانی پەسەندکراو و ژمارە تەلەفونەکەت دەدەین بە تیمی خاچی سووری بەریتانی بۆئەوەی بتوانیت چاوت بە کارمەندێکی پشتگیری ئاوێتەبوونی تەندروستی بکەوێت.

ئەندامێکی تیمی ئاوێتەبوونی تەندروستی لە خاچی سوری بەریتانی لەماوەی 24 کاتژمێردا تەلەفونت بۆ دەکاتەوە لە دووشەممە بۆ هەینی بۆ سازدانی وادەیەک.

GIG CYMRU NHS WALES

British Red Cross